# به ئێران سوێند نەخۆی، سوسیالیست نی!

**ئەحمەد بەهرامی.**

شەرتی دیموکراسی لەهەر کۆمەڵگایەکدا دەربڕینی ڕەئی ئازادانەی ئینسانەکانە لەسەر چارەنووسیان، پێشتگیرییە لەپشکنینی باوەڕو بیرکردنەوە.مەبنای دەسپێکەری دیموکراسی و بوونی ڕەئی ئازادە، بۆ ناسینی ئەم مافە لەهەر کۆمەڵگایەکدا گەشەی هزر و کولتوری ئەو کۆمەڵگایە دەنوێنێ. لەم ڕوانگەوە بوونی ئازادی دەبێتە هەوڵدان بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارە و خەمخۆری دەستەجەمعی کۆمەڵ، بۆحەلی کێشەی نێوان بنیادەمەکانی بەیەکەوە دەژین.

بەڵام لێرە خەڵکی کورد بەگشتی و نەیاری سیاسی بەتایبەت، بەحوکمی تیئۆری حیزبی و سیاسەتی هێزە چەپەکان،بۆتە دیلێک توانای بڕیاردانی لەسەر بوونی ڕێکخراوی موستەقیلی خۆی نییە... کەوایە بەیانی ئازاد و باوەڕ بەئازادی بۆ هەر حیزب و لایەک شەرتی قەبووڵی ئەم ئازادییەیە،کە هەوڵە بۆ سەربەستی ئینسان لە ژیاندا، بۆ بەرگری لە بێحورمەتی، بۆ کەمکردنەوەی زۆر و سەرەڕۆیی، کەمکردنەوەی زۆر بۆسەر خەڵکی بێدەسەلات، بۆ سەرخەلکانی ژێردەست.

ئەم باسە لە موقابیل فکری پاوانخواز و ئێرانی پەرەستییدا خۆی عەرزە دەکات. کە دەڵێم ئێرانی پەرست؟! بەهیچ جۆرێک مەبەستم تۆمەت و سوکایەتی بە باوەڕی کەس نییە. بەڵام کە دەڵیم ئێرانی پەرستی و خۆ خەریککردن بەم جیهەتە؟ لەبەر ئەوەیە کە تائێستا ئەم تیئۆریە،وەک تیئۆری خەباتی سەراسەری بۆتە وەسیلەی هێرش بۆسەر خەڵکانی تر... ئەم پەرستنەش لەژێر ناوی خەباتی هاوبەش،خەباتی چینایەتی سەراسەری بنیاد نندراوە. لەژێر ئەم ناوەدا حیزبەکان هەمیشە هێز کۆدەکەنەوە بۆ ماندگاربوونی دەسەڵاتی نەتەوەی باندەست... ئەمەش چەپەکانن ئەم تیئۆرییەیان کردۆتە وەسیلەی شەڕ لە دژی لایەنگرانی دیفاع لە ئازادی و سەربەخۆیی حیزبی و هەڵسوڕانی چەپی نەتەوەی ژێردەست لەناو کۆمەڵگای خۆیاندا.

ئەم باسە لایەنێکی تایبەت،یان حیزبێک ئامانجی نییە، بەلکو بە شێوەیەکی مێژوویی حیزب وێ امانجی سەراسەری و ناوچەییەکان مەبەستیە باس بکات، کە سیاسەتی حیزبەکانیش لەم چوارچێوەدا باس دەکرێن. هەروەها باسی دەسکەوتەکان لە هاوخەباتی و خەباتی سەراسەری و حیزبی سەراسەری، مەبەستی ئەم باسەیە.

بزانین کام حیزبی کومونیست لەسەر قەولەکانیان مانەوە و قسەکانیان ڕاست دەرچوو؟!! پشتیان لە بەڵێنەکانی خۆیان نەکردوە. بۆ هەر حیزب و لایەک سەراسەری بیری کردەوە کومونیستە،ئەوەی سەراسەری نەبوو،دژی کومونیستە!؟ ئەمە ناوەرۆکی ئەم باسەیە.

## ئایا سیاسەتی سەراسەری تەنیا چارەسەرە!؟

## ئەگەر وایە..کواولە کوێ؟

هەروەک دەبینین،تائێستا و لەمێژووی حیزبە چەپە سەراسەریەکاندا، لایان وایە هەر داوایەک لەژێرناوی سەراسەریدا نەبوو،سوێندت بەیەکگرتووی سەراسەری نەخوارد، ئەمە ناکومونیستیە!! هەر هێز و لایەنێک داوای هەڵسوڕانی سەراسەری نەکردە دروشم، ئەوەی دەکوترێ درۆیە و دژی کومونیستیە... هەوڵە بەرەو میللیگەرایی ودابڕان لەخەباتی چینایەتیە!

درووست هەر بەدوای ئەم حوکمەشدا لەلایەن هێزە چەپەکانەوە پرسیارێکی گرنگ دێتە پێش. ئەویش ئەم پێشداوەرییەیە، کە حیزبی سەراسەری پێی لەسەر دادەگرێ لە موقابیلی هەڵسووڕانی ڕێکخروای چەپی نەتەوە ژێردەستەکان!

ئەویش ئەوەیە، بۆ حیزبی سەراسەری بەمەیلی خۆیان خزمەت بە بەرژەوەنیەکانی نەتەوەی باندەست دەکەن، هەرچی بڵێن چینایەتی و سوسیالیستیە..!!؟هەرچی بڵێن و جاڕی بۆ بدەن هەڵێنجراوی مارکسیزمە!!

بەپێی کام چارەسەری کۆمەڵایەتی لەلایەن کام حیزبی کومونیستی سەراسەری، لەسەد ساڵی ڕابردوو لەدنیادا و لە کامکۆمەڵگادا ئەمە ڕوویدا!!؟ ئەوەی بووە و دەبینی ئەم تیئۆرییە بەپێچەوانەوە چۆتەپێش و خۆی گونجاندوە لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەردا... بەو دەلیلەی ئەوەی بیندراوە و دیومانە تائێستا لەکاروکردەوەی حیزبەکومونیستە سەراسەریەکاندا، ئەوەی ئەنجامیانداوە سەتاسەد خزمەت بەئەهدافی نەتەوەی باندەست بووە و لەو ڕاستایەدا چۆتەپێش! نەک خەباتی چینایەتی بۆ بردنەپێشی کۆمەڵگا و گەشەپێدانی کۆمەڵگایەکی دوور لە شەڕو ئاژاوە!...مێژووی ئەجێندای ئەوان، وەک حیزبی سەراسەری بۆ قایم بوونی دەسەڵاتی نەتەوەی باندەست، بەهێز بوونی شوڤێنیزم و لایەنگری لە تەواوەتی ئەرزی و سیستمی سەرمایەداری و زوڵم بووە... ئەمە پێشینە و فەلسەفەی وجودی مێژووی ئەم حیزبانە بووە... دەسەڵاتی ئەوان بۆ سیستمی سیاسەتی سەراسەری و یەکگرتوویی سیستمی سەراسەری، هەمووی لە خزمەت زۆر و چەوسانەوەدا چوونە پێش وپشتیان لەگشت ئەهدافی خۆیانکردوە...

ئەگەر وانییە! ئەگەر ئەمە ئیسپاتی حەقیقی هەڵسوکەوتی ئەوان، لەخزمەت داگیرکەر و نەتەوەی باندەستدا نەبووە، بۆ هەر کەس و هەر تاقمێک دەمیکردەوە بەناوی خەباتی سەراسەری و لەژێر ئەم ناوەدا، هەرچی خیانەتە دەیکات... تەسلیمی دوژمن دەبێ، سازش دەکات، هەرچی تۆمەتە هەڵی دەبەستێت، پشت لەڕاپەڕینی جەماوەر دەکات، ؟؟! "بەڵام کە دوو وشەی ڕەنگکراوی لە قسەو لافیتەکاندا ڕیزکرد... کومونیست و ئازاد ئەندێش"؟ کەچی خەڵکیتر بۆ کۆمەڵی خۆیان، بۆ ئاوەدانی و هۆویەتی ئینسانی خۆیان تێدەکۆشن و تێکۆشاون! مادامێک دەیانەوێت لەم چوارچێوەدا نەمێننەوە. خائین و ناسیونالیستن..؟! ئەم ئایین سازییە لەپێناو چیدا!؟؟

ئەوەی ڕوویانداوە، حیزبی سەراسەری لە تووڵی عومریان کار و خزمەتیان بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندبووە... بۆیە دەتوانم بڵێم لە هیچ درێخیان نەکردوە بۆ درێژەپێدانی عەزەمەتخوازی نەتەوەی باندەست... بەڵام هەر ئەوەندە سەراسەری بیردەکەنەوە کومونیستن...؟

ئەگەر قسە لەوەرچەرخانی سیاسی حیزب و گروە. ڕەنگە ئەمە لەمەوردی زۆرکەس، یان حیزبێکدا ڕووبدات و لەوەی کوتوویانە دابڕێن و وەرچەرخێن... لەبەر ئەوە شعور و هەستی ئینسان وەک هەموو حاڵەتێکی تری سروشتی و کۆمەڵایەتی لە گۆڕاندایە، ئەگەر ئەمەش ڕووبدات زۆر سروشتیە... بۆ چەپ و غەیری چەپ. بیری ئینسان لەگەڵ هەنگاوەکانی گۆی زەوی بە دوای بەرەوپێشچوونی گۆڕاندا دەڕوات!! ئەگەریش لەم گۆڕان و بەرەوپێشچوونەی کۆمەڵدا، بەرەو هەر جیهەتێکیتربڕۆن، خۆیان بڕیاردەدەن. بۆیە کۆنترۆلی ئاقڵانەی ئەمەش بینای کۆمەڵگایەکی شیاوە دەتوانێ هیدایەتی بکات، کە ئەو کۆمەڵگایە هیزی هوشیار بۆ گەشەی خۆی بخولقێنێت. لەبەر ئەوە حیزب وڕێکخراو وەسیلەن بنیادەم سازیکردون بۆ بەرەوپێشبردنی ئیدارەی ژیان. بۆیە ئەمگۆڕانە لەزۆر لایەندا ڕەنگە ڕووبداو زۆری ئەو ئینسانانە، بەپێی بەرژەوەندی شەخسی، یان سیاسی پشت لە زۆر یەک لە ئەهدافی پێشووی خۆیان بکەن. ئەمە خەڵکن لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیاردەدەن و هەڵدەبژێرن، کە چۆن و لە کام چوارچێوەدا بژین. ئیدی حیزب و ڕێکخراونیین ببنەئاین وتەعینی تەکلیفیان بۆبکەن.

ئەگەر باوەڕمان بەوەیە، کە ئازادی و هەڵبژاردنی جیهەت، بنیادەمەکان خۆیانن و چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، بڕیار بدەن بۆ مانەوە لەژێر ڕکێف و دەسەڵاتی سەراسەری، یان نەمانەوە... بێ داتاشینی تیئۆری

حیزبی لەموقابیلیدا، ئەمە دەتوانێ ناوی بنێی بۆچوونی سالم بۆ حەرەکەتی چوونە پێشی ڕەوتی سروشتی کێشەکان.

بەڵام ئەوەی تا ئێستا بیندراوە، هەمووی پاشگەزبوونەی حیزبە کومونیست و چەپەکان بوون، لە قەولەکانی خۆیان لەموقابیلی کۆمەڵ و نەیاری سیاسیدا...! جا ئەمە بۆ نەیاری دەرەوە بووبێت، یان ناوخۆیان. ئەوانە وەک هەر حیزبێکی ئیرتیجاعی لە هیچ تۆمەت و پیلانێک درێغیان نەکردوە...بۆ ئیسپاتی ئەم قسەیە تەنیا چاو لە سی ساڵەی هەڵسوکەوتی حیزبی چەپی ئێران کەن دژی یەک، دژی نەیاری ناوخۆییان و شکاندنیحورمەتی کەسەکانی خۆیان... لەڕوانگەی ئەمانەوە هەرکەس لەگەڵیان نەبوو، هەرکەس ڕەخنەی بوو... هەرکەس بەئاستەم لەدژیان بوو! ئیدی پیس و فاسیدە.

مەبەست ئەوەیەکە، ناکرێ بەحوکمی تیئۆری حیزبی لەژێر ناوی منافعی سەراسەری و دەسەلاتی سەراسەری... ئەم مانەوەیەش بکەنە مانەوەی ئەبەدی لەژێر دەسەڵاتی لایەنگرانی نەتەوی باندەست. ئەمە لەمێژووی درووست بوونی چەپی ناوچەییدا، لە مێژووی هەڵسواڕانی ئەم حیزب و ڕێکخراوانەدا بۆتە باو، کە هەمیشە لە دژی ڕێکخراوە سیاسی و چەپەکانی نەتەوی ژێردەست، ئەوانەی هەوڵی سەربەخۆی هەلسوڕانیانداوە لەناو خەڵکی خۆیاندا... ویستویانە نەچنە ژێرسایەی دەسەلاتی حیزبی سەراسەری و ڕەنجیان بە هەدەر نەڕوات، ئەوانە قەت ڕووی فەزای سیاسی سالمیان نەدی!

کە سەیری مەسەلەکە دەکەی و هۆیەکانی هەڵدەسەنگێنی، ڕوکاری چاک وخراپی کێشەکە دەخوێنیەوە، ئەم تاقیکردنەوانە!! دەیان ساڵ عومری لەپێناودا سەرف بووە، خوێنی بۆدراوە... بۆیە زۆری ئینسانەکان بەم نەتیجەیە لەکاری خۆیاندەگەن، کە ڕێگایەکی موناسب بدۆزنەوە... ئەمەش جورم نییە.

هەموو شتێک لەژیاندا ئەزموون و تاقیکردنەوەیە و بە تاقیکردنەوەش، تیئۆری و فەلسەفەی وجودی بوون و نەبوون کەشف دەبن و ئامانجەکانی بەدی دێن. ئەم تاقیکردنەوانەی ئینسان بۆ ژیان دەیکات، لە ئیدامەی کاری خۆیدایە بە نەتیجەی ئەوە دەگات، کە بەدوای کارەکەیدا براوت، یان نا. ئەمەش لە ئاکامی هەوڵ و تەقەلایەکە دەدرێ بۆ سەرەنجامی باش بۆ ژیان، کە ئینسان دڵخۆش دەکات و هانیدەدات بەرەو پێش براوت لە کۆششەکانیدا. کاتێک ئینسان چەندین جار تاقیکرنەوە لەسەر شتێک ئەنجامدەدات، تا بەتاقیکردنەوەی ئەزموونەکان بتوانێ بە سەرەنجامی کاروڕەنجی خۆیان بگەن... لە پرۆسەی کاروتەلاشی ئینسان لەم کارەیە، کە ئایا ئەم ئیدامەدانە لەو کارەی دەیکەن سوودی بۆ داهاتوو هەیە، یاننا!!؟ لەبەر ئەوە هەموو تیئۆری مەکتەبە فەلسەفیەکانی بەشەریەت، خۆی لەتاقیکردنەوە و وەرگرتنی بەهرەی کار بووە، تیئۆری لێ بەدەست هاتووە، کە دەسکەوتی مەعنەوی بووە بۆخاوەنەکەی، یاننا. ئەگەر ئەم تاقیکردنەوانە هەر مەنفی بووە، شکستی هێناوە..ئیدی بەتیئۆری شکست بەحیساب دێت.ئەگەر بە سوودیش بوون، بۆتە نوکتەی حەرەکەتی بەرەوپێش. کەشفەکانی زانای گەورە "داروین" لەسەرخوڵقانی ڕۆحلەبەرو گەشەی مەیمون بۆ ئینسان. ئەمەلەکاتی خۆیدا بەنەحلەتکرا لەلایەن کلیساوە. خەڵکی ساویلکە و نائاگاش دوای ئەم حوکمەی کلیسا کەوتن لەدژی داروین. بەڵام ئەمڕۆکە کلیسا ناچارە لەبەرامبەر حەقیقەتدا، داوای لێبووردن لەداروین بکات..

ئایا ئێمەی میللەتی ژێردەست، بەم خەباتە سەراسەریە و لەم هەموو خزمەت وکارە... لەم دۆستایەتی و یەک هەدەفیەدا، لەم تاقیکردنەوانەدا، وەک میللەتی کورد چەندە سوودمان لەم تیئۆریە وەرگرت؟ چەندە سەرنجی گەلانی سەرەوەی خۆمان، بۆ ناسینی دەردەکانی خۆمان ڕاکێشاوە؟! چەندە نوێنەرانی نەتەوەی باندەست گوێیان بۆ نەتەوەی ژێردەست گرت؟ حیزب و ڕێکخراوە چەپەکان چەندە بەوەفا بوون لەم بوارەدا.؟ بەهەڵسەنگاندن و بەم تاقیکردنەوانەوەیە، ئەوەی ئێستا ڕوودەدەن و دێنەگۆڕ لەناو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکاندا، ڕیشەی نائومێدی ووەرچەرخانیان خوڵقاندوە!! ئەمانە بەرهەمی کاروکۆششی بنیادەمەکانی گەیاندۆتە ئەم ئاستە! ئێراق، ئێران، وڵاتانی هەڵوەشاوەی شوڕەوی پێشوو، ئوروپایشەرقی...هەمووی تاقیکردنەوەن لە کردار و هەلسوکەوتی ناڕاست... کە دایم ئەوان باڵادەست و تەسمیمگیرندە بوون وەک سیاسەتمەدار و نەتەوەی باندەست لەم بوارەدا! ئەوانن بەپێی بەرژەوەندی سیاسی و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند، بەسەر تەواویی

کۆمەڵگاوە،ئەویش لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند،کە بەدەست زۆرینەی نوێنەرانی نەتەوەی باندەستە چوەتە پێش!. بۆیە ئیدامەی تیئۆری شکست، شکست دەخولقێنێت.

میللەتێک لەهەموو بارێکەوە دەچەوسێتەوە. لەهیچ کام لەمیللەتانیتر کەمتر خزمەتی بە ئاوەدانی وبونیادنانی ئەم کۆمەڵگایانەی تێدا دەژین نەکردوە. دایم چەتری حەوانەوەی نوێنەرانی هەڵاتووی میللەتانی ستەمگەربووە. بەڵام بۆ کورد بۆی نییە وەک ئینسانی ئازاد بۆ بەیانی ئیحساسەکانی خۆی هەوڵبدات!! ئەو شتەی کە دەبێ پێوەی پێناسەبکرێ بۆی ناسەلمێندرێ!!

حیزبە کومونیست و چەپەکان کە ئازادیان بۆ هەموو کەس دەوێ؟..ڕاستەوخۆ،یان ناڕاستەوخۆ هەوڵدەدەن بۆ پاراستنی یەکێتی خاکی ئێران و پاکانەهێنانەوە بۆ ژێردەستیی نەتەوەی ژێردەست. بە هەموو جۆرێک سوسیالیزمیان کردۆتە خەتی سوور لەدژی نەیار... ئەمانە بەپێی تیئۆریەکانی ستالین و حیزبی کومونیستی شوڕەوی، کە ئەوکات بەپێ بڕیارێکی سیاسی سەرکردایەتی حیزبی کومونیستی شوڕەوی،لە ١٩١٧/٤/١٠ لەسەر مافی چارەنووسی نەتەوەکان دەرچوو. لەکۆتای ئەم ڕاگەیاندراوە کوتراوە: "کە بەرژەوەندی کرێکاران لە سەرزەمینی یەکێتی شووڕەوی ئیجابدەکات، یەکگرتوویی و یەکێتی خۆیان بپارێزن و نەتەوەپەرستی و ئوپوڕتونیزم زاڵ نەبێت بەسەریاندا". ئەوەی لەکۆتایی ئەم بەیاننامەیەدا هاتووە،نەک خودی بڕیارنامەکە،لەسەر چارەنووسی گەلان! بەڵکو ئەوەی تائێستا بۆتە کوتکی سەرکوتی نەیارو هەر دیدوبۆچونێکی جیا لە سیاسەتی حیزبی حاکم و دەسەڵاتی زاڵ. ئەو سیاسەتە لەهەموو بوارێکی حیزبیدا لەناو حیزبە ئێرانیەکان ڕوودەدەنەوە!هەمووی وەک ئامرازی سیاسی لەلایەن حیزبی سەراسەریەکانەوە بەکاردێن و بەکار هاتوون. هەر لەڕاستای ئەمەدایە بۆ بەرگری لە عەزەمەتی ئێران، باوەڕ بەیەک پارچەیی ئێران،ئەویش لەژێر دروشمی خەباتی چینایەتی سەراسەریدا،بۆتە نوکتەی حەرەکەت و هێرش بۆسەر نەیار!!؟ دروست بەم میتۆدەی ئەوکاتی حیزبی کومونیستی شووڕەویەوەیە، کە ئەمانە هووشیارانە خزمەت بە ئامانجی نەتەوەی داگیرکەردەکەن، ئەبەدی بوونی ئاوا تیئۆرییەک ئیدی قابیلی قەبووڵ نییە! بۆچی کاتێک کوتت ئێرانی بیردەکەمەوە،لەڕیزی هەموو دەستەوتاقمی جۆراوجۆری سوسیالیزمدای..کاپیتاڵی مارکست بەسنگەوەیە؟! بەڵام بۆچی باسی مەسەلەی سیاسی و دەسەڵاتی کوردستان هاتەپێش،بوونی زەرورەتی حیزبێکی چەپ لە سەرزەمینی کوردیدا هاتەپێش،ئەویش بەپێی نیاز! کە بەدەیان تاقیکردنەوەی هەرەس هاتوو و ڕەنج بەخەساری لەدوای خۆی لێکەوتۆتەوە! ئەوەی شیاوی پێنەکوتنە،پێیدەکوترێت!.

تیکۆشان و هەوڵەکانی ڕابردوو ئەمەیان سەلماندوە،کە دەبێ ئەم هەنگاوە کورد خۆی هەڵیگرێ و هەوڵ بۆ پتەوبوون و پتەوکردنی ڕیزەکانی چەپ لە کوردستان بدات، شان بەشانی بەرەی چەپ لەئێران،کە دەبێ وەک هێزی چەپ سەفی خۆی دیاربێت،وەزنی سیاسی وهۆویەت،ئیحساسەکانی کورد وەک نەتەوەی خاوەن بڕیارو خاوەن حیزبی چەپی سیاسی موستەقیل تێدا ڕەنگبداتەوە... ئەمەش بۆ دواڕۆژی سیاسی و هاوخەباتی چینە چەوساوەکان لە موقابیلی نەیارانی دەرەکی و ناوەوە زۆرگرنگە،کە پێناسەی خۆی و ڕیزی سەربەخۆی مەعلووم بێت وەک کورد... بەلام دەبینین هەوڵی حیزبی سەراسەری بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەمە بووە! دەسەڵاتی کۆمەڵگای کوردیش بەمەوە مانایی خۆی هەیە.

لێرە دەردەکەوێت بۆچی بۆبوونی ئاوا دەسەڵاتێک بۆ خەڵکی کورد! حیزبە سەراسەریەکان، لەپێش ڕیزی شوڤێنیزمی عەزەمەت خوازەوە هاواری لێهەڵدەستێ!!؟ هۆیەکەی ئەوەیە کە کورت بوونەوەی دەسەڵاتی ئەوانە لەسەر نەتەوەی ژێردەستە.

ئەگەر تیئۆری دڵخوازی هەرحیزب وتاقمێک بووە مەبنای قەزاوەت، بووە تیئۆری بۆ پشکین و هەڵکۆڵینی مێشکی بنیادەکان. ئیدی سوودی بوونی ئاوا تیئۆریە چییە بۆ کۆمەلگا!!

## دیفاع لەنەتەوەی خۆت حەرامە...

میللەتی کورد بەهۆی ستەم وداگیرکاری، بەرەوپێشچوونی غەیرەسروشتی لەسەرزەمینی خۆیدا بەسەربردوە.. هیچ ئیمکانێکی بۆ نەڕوخساوە بەخۆی ڕابگات. دایم هەوڵی دواکەوتوویی ودواکەتوو مانەوەی دراوە... ئاکامی ستەمگەری و شەڕی ناوخۆیی لەتوولی مێژووەکەیدا، نانەوەی ئاژاوە و شەڕ لەم سەرزەمینە بوونە هۆ کورد بەرەو دواوە بڕوات... لەگەڵ ئەمانەدا و بەدەیان هۆی تر کورد نەیتوانیوە هەنگاوێکی ئەوتۆ هەڵگرێ بۆ پێشکەوتوویی و ژیانی شارستانی سەردەم.

وەک ئەم چەند نموونەی خوارەوە لەناو سەدان نمونەدا،کە کۆمەڵگای کوردستانی دایم بەرەو دواوە گێڕاوەتەوە!

١. داگیرکاری ئەم سەر زەوییە لەلایەن دوژمنانیەوە.

٢. لەت بوونی سەرزەوی و بێدەسەڵاتی خەڵک لەسەر چارەنووسی خۆیان.

٣. خۆفرۆشی ودەسەڵاتی عەشیرەتگەری،کە خزمەتیان بە نەتەوەی باندەست کردوە.

٤. نەبوونی یەکگرتووی سیاسی..ئەویش بەهۆی سەرەڕۆی دەسەڵاتی ناوچەی وتەسلیم بوون بەدوژمنان.

٥. گرنگتروکوشندەتر لەهەمووی... وەک خاڵێکی ڕەش بەسەر ڕۆحی سیاسی کۆمەڵگای کوردیەوە دیارە، وەک سەربڕینی زمانی زانست وڕەوشەنبیری وئیدامەی کۆنەپەرستی..

سەرەڕای ئەم حاڵەتە کوشندانە لەسەر بزووتنەوەی کورد، خەباتی ئەم میللەتە لەهەر هەلێکدا،کە بۆی ڕوخساوە لەدژی دوژمنەکانی ڕاپەڕیووە.

لەهەمووی ئەم شۆڕش و هەستانانەدا،بەهەزاران قوربانی داوە. خەڵکانی بەتوانا و تێکۆشەر بۆنە قوربانی. خەڵکی بەگیان ودڵ بەرەوپیری شۆڕشەکەیانەوە چوون. بەڵام ئەم هەستانانە بەپێ سیاسەتی حیزب و دەسەڵاتی کاتیەوە کز و لاوز کراون. شۆڕشەکان شکاون،فرۆشراون و خیانەتیان پێکراوە.

کەچی خەڵکی کۆڵ نادەن... لەهەر دەرفەتێکدا دژی نەتەوەی باندەست و دەوڵەتی داگیرکەر ڕادەپەڕن، ئایا لەخۆوەیە ئەم هەستان و شۆڕشانە ڕوودەدەن؟... ئەم ڕاپەڕینانە لەدژی بەرژەوەندی گەلانیتر بووە...؟ نەخێر، ڕاپەڕین دژی نەتەوەی داگیرکەرە،دژی دەوڵەتی داپڵۆسێنەرە،دژی بێ بێحورمەتیە،دژی نەبوونی شەخسیەتی میللیە.

ئا لێرەیە دەبێ بەدوای نوکتەی ئەسڵیدا بگەڕێن... ئەوەی کێشەیە لەسەری و بۆتە هۆی دانەمرکانی دەنگی نەتەوەی کورد بۆداواکانی خۆی.

هەرلەم سی ساڵەدا دەسکەوت و ئاکامی دۆستایەتی و هاوکاریەکانی کوردی ئێراق،ئێران،تورکییە.. لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوەی باندەست چاولێکەن... لێرەدا بەچەپ و غەیری چەپەوە لەخۆی دەگرێت. بەڵام ڕووی ئەم باسە حیزبی سەراسەری و چەپی ئێرانی مەبەستیە.

ئەم لایەنە هەموو شت بەئێرانی بیرکردنەوە دەبەستێتەوە... ئەویش سوێند بە یەکپارچەیی ئێران بخۆی! لای جەرەیانی سەراسەری و ئێرانی وایە،کە بەیەکگرتویی و بە پشتیوانی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران ئەم کارە دەکرێ... ئەمە لە حاڵەتێکدا ڕاستە کە داگیرکاریی و ستەم بەحەدی ئەقەلی خۆی گەیبێت و سەرکوت و داگیرکەری وجودی نەمابێ! مافی بەرابەر ڕیعایەت بکرێ،کێشەی نەژاد و جنسی ئەوەندە لاواز بێت،کە تەئسیر لەسەر ژیان و ڕۆحی موقابیلدانەنێت.

قبووڵمە کۆمەڵگای سوسیالیزم هەنگاوی گەورپە لە ژیانی ئینساندا و بەهەشتی چەوساوەکانە. بەڵام لە موقابیلی ئەم حەقیقەتەدا! حیزبەسەراسەریەکانن کەڵکی بەراوەژوو لەم تیئۆرییە وەردەگرن و بەقازانجی سیاسی حیزبی و گروهی کاری پێدەکەن! کە سەیری ڕووداوەکان دەکەی،کاروکرداری حیزبە سیاسیەکانی هەڵدەسەنگێنی،ئەم تیئۆری سازییە لە بازاڕی سیاسیدا تاقیکراوەتەوە،کە بەرە و ئامانجێکی کە دەڕوات و

ڕۆیوە... کەواتە سوسیالیزم خۆی موستەلزمی کۆمەڵگایەکی ئازاد و مودێرنە،موستەلزمی بوونی تەمەدون و فەرهەنگی هاوژیان و کۆمەڵگای بەیەکەوە ژیانە. کاتێک ئینسانەکان هەموو وەک یەک ئەم کۆمەڵگایە هەڵدەسووڕێنن و زەحمەتی بۆدەکێشن، بەڵام لەسەر دەربڕینی ڕای خۆیان هیچ دەسەڵاتێکیان بەدەست نییە! توانای بڕیاری لەسەر قسەکردن و نووسین و خوێندنەوە و تاریفی هۆویەتی خۆیان نییە... خەلاسی لەم کۆت و بەندانە و بەدەستهێنانی شەخسیەتی کۆمەڵایەتی ومیللیە، دەتوانی ڕێگە خۆشکەر بێت بۆ ئەم هەنگاوە، کە ناوی سوسیالیزمە!.

لە موقابیلدا دەبینی نەتەوەی باندەست،وەک میللەت خۆی ئازادی دەکوژێ! میللەتێک کە ئازادیکوژ و داگیرکەربێت... چۆن ئامادیە ئازادی بدا و مافی ژێردەستان بناسێ... نەتەوەی داگیرکەر توانای دانی ئازادی نییە! لەبەر ئەوە خۆی ئازادیخواز نیە و داگیرکەرە.!

نەجات لەمنابەرابەریە،دەتوانێ ڕێگەخۆشکەر بێت بەرە و کۆمەڵگایەکی موتەمەدون و خاوەن فەرهەنگی بەرزی سیاسی، کە ئینسانەکان توانای حەدی ئەقەل ژیانی ئازاد و بەرابەریان بێت. کۆمەڵگایەکی کراوە دەتوانێ تەحەمولی نەیاری خۆی بێت،کە نەتەوەکان یەکیان لا قەبووڵ بێت. ئینجا ئەم تارمایانە دەرەوێنەوە و ڕەوتی ژیانی هاوبەش بەرەو کۆمەڵگای سوسیالیستی حەرەکەت دەکات... نەک لاسای شۆڕشەکانی ڕابردو و ئولگۆ سازی پوچ،ببێتە مەبنایی تیئۆری حیزبی سەراسەری...

بۆحیزبی ئازادیخواز و تیئۆری حیزبی سەراسەری. تەنیا چاو لە کردەوەی ئەم سی ساڵەی چەپی سەراسەری ئێران کەن. چەپە توندڕەوەکانی ناو حیزبی کومونیستی ئێران لەساڵەکانی ١٣٦٦ تا ١٣٧٠ و تائێستا... ئەمان جارێ نەیاری دەوڵەتن!... ئەی دوایی... هەر وەک مەحمود مەشهەدانی و دەسەڵاتی عەرەب دێموکڕاتن، لە موقابیلی بەڵێنەکانی خۆیاندا... کەواتە هەمووی ئەمانە هەرکامە بە جۆرێک تاقیکراوەتەوە... نەتەوەی حاکم بە بوونی پوڵ و ئیمکاناتی زۆر و مەیدانی فراوانی سیاسی و دیپلۆماسی هەرچی مەیلی بێت دەیکات.

بۆیە ئیدی دەبێ کورد لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ داهاتوو،بۆ بوونی سیاسەتی موستەقیل،بۆ سەربەخۆی سیاسیی خۆی،بۆ دەسەڵاتی خەڵکی خۆی بکۆشێت...

لەم بارەوە نامەی مارکس بۆ ئێنگڵس لەبارەی کێشەی ئێرلەند وئنگلیستانەوە بخوێنینەوە. دروست لەگەڵ کێشەی میللەتی کورد لەمڕۆدا یەک دەگرنەوە... کە سەدوچلوچەند ساڵ لەمەوبەر،مارکس لەبابەت کێشەی نەتەوە ژێردەستەکانەوە ئاوای بیرکردۆتەوە و نووسیویەتی: "من بەهەموو شێوەیەک هەوڵمدا کرێکارانی ئینگلیس بۆ بەڕێوەبردنی ڕێپێوانێک بەقازانخی سەربەخۆیی ئێرلەند هانبدەم. دەزانی من لە ڕابردودا جیابوونەوەی ئێرلەندم لەگەڵ ئینگلیستان بەغەیرە مومکین دەزانی... بەڵام ئێستا ئەو جیابوونەوە بەمەجبووری دەزانم. ئەگەر ئەم جیابوونەوەیەی ئێرلەند لەوڵاتی داگیرگەری ئینگلیستان، لەدوایدا ببێتە هۆی ئینشعاب لە فدراسیۆنیشدا،من هەر بەقازانیجی دەزانم بکرێ"[1]

ئەگەر سەر بەناو نامەکانی مارکس و ئێنگڵسدا دەکەی لەبارەی کێشەی ئێرلەند و وڵاتانی داگیرکراو لەلایەن داگیرکەرانەوە،دەزانی ئەم دوو کەسە چۆنیان بیرکردۆتەوە... مارکس لەبارەی ئازادی و سەربەستی ئاوای بیرکردۆتەوە...حەلی کێشەی وڵاتیکی داگیراو،وڵاتێک خەڵکەکەی سوکایەتیان پێدەکرا لە لایەن نەتەوەی باندەست...تا ئەم دوو سێ ساڵە خوێنڕێژی لەو وڵاتە بەردەوامبوو... خەڵکی ئێرلەند مافی دەنگدان و هەلبژاردنی لەسەر چارەنووسی خۆیان نەبوو... لەو کاتەدا کە مارکس لەژیاندا بوو شاهیدی ئەم چارەنووسە دەردناکە بوو،مارکس هەڵوەشانی فیدراسیونی کرێکارانی کردۆتە فیدای حەلی ئەم کێشە دەردناکە لەو وڵاتەدا! کەچی سوسیالیستەکانی ئەمڕۆیی،بۆ ڕامکردنی نەتەوەی ژێردەست بەقازانجی ستەمگەران،تیئۆری دەدۆزنەوە.

لینین ڕابەری گەورەی شۆڕشی ئۆکتۆبری شورەوی... ئاوا بەرگری لەنەتەوەی خۆی دەکات و بەگژ دوژمنانیدا دەچێتەوە.. لینینی"ناسوێنالیست"چۆن نەتەوەی خۆی دەپارێزی و تاریفی دەکات: "ئێمە سوسیال

[1] - نامەی مارکس بۆئێنگڵس ١٨٦٧/١١/٢.(مەبەستی مارکس،فیدراسیونی کرێکارییە لەو زەماندا)

دێموکراتەکانی ولیگاروس هەوڵدەدەین،تا هەڵوێستی خۆمان لەگەڵ جەرەیانە مەعامەلەچییەکان ڕوونبکەینەوە. بۆ ئێمە نوێنەرانی میللەتی عەزەمەت خوازی خواروترین بەشی خاوەری ئۆروپا و بەتایبەت بەشێکی گەورە لە ئاسیادا، سەزاوار نییە گرینگی دیار و عەزیمی مەسەلە میللەیەکەی فەرامۆش کەین. بەتایبەت لە وڵاتێک بەحەقیقەت وەک زیندانی میللەتان دەنوێنێ. و بەتایبەت کاتێک لە خاوەری دووری ئۆروپا و لە ئاسیا،سەرمایەداری بڕێک لە میللەتانی گەورە و چکۆلەیان هوروژاندەوە و بەخەبەری هێناوە؛ دەوڵەتی پادشاهی تەزار، بەتایبەت لەو بارەوە کە بەمیلوێنها کەسی لە نەتەوەی ولیکاروس "لەمیللەتەکانی غەیرە خۆی" خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە،تا بڕیک مەسائیلی میللی، بەپێی مەیل و ئارەزووی شۆڕای ئەشراف حەل بکات.

ئایا ئێمە کرێکارانی هوشیاری ولیکاروسی لە ئیحساس و غروری میللی بەرین؟ **ئەڵبەتە نا!** ئێمە زمانی خۆمان،وڵاتی خۆمان خۆش دەوێ. ئێمە زۆرتر لەهەموو شت تێدەکۆشین خەڵکی زەحمەتکێش،یانی نۆ بەشی کۆمەڵ، ژیانیان بەشێوەی هوشیارانە و دێموکرات و سوسیالیستی بەرینە سەرێ. بۆ ئێمە ناخۆشتر و گرانتر لە هەموو شت،کە ئیحساسی ناخۆشی دەکەین،ئەویش بەبینینی زۆر و ستەمو و بێحورمەتییە،کە هەیە و دوژمنانی وەک سەڵتەنەتی تەزار، ئەشراف و سەرمایەداران،وڵاتی جوانی ئێمەیان ئاوا لێکردوە.

ئێمە ئیفتیخار دەکەین کە بەم زۆرکوتنانە لە جێگەی کەسانی وەک،رادیشچف،دکارتیسەکان و کەسانی شۆڕشگێر لەساڵەکانی حەفتای سەدی ١٨٠٠،وەڵامی دوژمنان دەدەینەوە...[٢]

هەتا بۆ لینین شۆڕشگێرانی پێش خۆی کە لەخەباتی نەتەوەیدا بەشدار بوون،هەر ئەوەندە بۆ ئازادی تێکۆشاون،سوسیالیستیش نەبوون، بەشانازییەوە ناویان دەبات... شانازی بە نەتەوەی ڕوس دەکات. بۆ لینین ڕوونە کە بەرگری لە نەنەتەوەی خۆی، شانازییە و دەزانێ بە بوونی دەسەڵات و بە بوونی هۆویەتی سەربەخۆوە دەتوانن هوشیار بن و حورمەتە زەوتکراوەکانیان بەدەست دێننەوە... بەڵام سوسیالیست نماکانی ئێمە شەرمیان بەبوونی ئاوا هۆوییەتێکە..!!
لینین ئاوای لەسەر دەڕوا و وەڵامی چڵکاوخۆرانی پادشا و دەرەبەگ و سەرمایەدارانی سەرکوتکەر دەداتەوە: "ئێمە تەواو هەست وئیحساسی میللیمان هەیە، بەهۆی ئەوە لە ڕابردودا بە شێوەیەکی کۆیلانە خۆمان دەدی و ڕەفتارمان لەگەڵ دەکرا،لەو کاتە ملکدار و دەرەبەگەکان جوتیارانیان دەنارده شەڕ و مەیدانی کوشتار، تا ئازادی مەجارستان،لەهێستان،ئێران و چین بفەوتێنن. ئێستاش وەک کۆیلەکان هەر دەرەبەگەکانن، بەیاری سەرمایەداران، ئێمە ڕادەکێشنە ناو شەڕەوە تا لەهێستان و ئۆکرائینمان پێ سەرکوت کەن و جوڵانەوەی دێموکراتیکی ئێران و چینمان پێ کزکەن... دارودەستەی ڕۆمانۆف - با ئەوانە کە مایەی شەرمی میللی و لیگاروسن - ئیفشا کەین. دەبێ لەدژی ئەوانە خۆمان بەهێزکەین،ئێمە لەوانە بێزارین[٣].
یان دەبێ سوسیالیستەکان ئەمە قەبوڵ کەن،یان چۆن تا ئێستا دژی بوون، هەر بەم تیئۆریەیانەوە لە خزمەت دەسەڵاتی نەتەوەی باندستابن و برۆنەپێش. لەبەر ئەوە بەستنەوەی کێشەکانی کورد بە خەباتی سەراسەری هەمووی وەک یەک نین و دوو شتی جیان. نەتەوەیەکی ژێردەست، بۆ ئازادی و دابین بوونی ژیانی خۆی دەبێ هەوڵبدات. هەر کاتیش کورد پوڵ و ئیمکانی بەدەست خۆی بوو،بەهرەمەند بوو لە سەروەت و سامانی میللی خۆی،هۆویەت و ئیحساسی کوژراوی بەدەست هێناوە و دەسەڵاتی بڕیاردانی لەسەر ژیانی خۆی بوو،نەتەوەی کورد تائێستا چیکردوە،زۆر زۆرتری دەکات...
بۆیە بێترس لە لۆمە و تیئۆری چەواشەکاری حیزبی سەراسەری، خەڵکی کورد،ڕوناکبیر و شۆڕشگێرانی کورد،لاوانی هوشیار و چاو و دەمی دواڕۆژی ئەم خەڵکە،دەبێ بۆخۆیانی بکەن،بۆئاوەدانی ماڵی خۆیان تێبکۆشن.

٢٠٠٨/٩/٢٧

---

[٢] - لەمەجموعە ئاساری فاریسی ،لینین. لەپەڕەی ٣٨٣.غورووی نەتەوەی ولیگاروس.
[٣] - لینین...مەجموعەئاسار،لاپەڕەی ٣٨٢.غروری نەتەوەی..